کورتیلەچیرۆک

# کارەسات

**حەمەفەریق حەسەن**

{دەڵێن ئەم بەسەرهاتە دوای ڕاپەڕین و لەتافی جەنگی ناوخۆدا ڕووی داوە!}

مامۆستا دەستی بەدەستی کوڕە شەش ساڵانەکەیەوە بوو. زۆر گەڕا. ڕووی لە چەندین ناسیاو نا، کەسیان قەرزیان پێنەدا. دوای ئەوەی تەواو شەکەت بوون، لە پێش جامخانەیەکدا بە جگەرگۆشەکەی وت:

((تاوێک لێرەدا لەسەرم بوەستە.!))

کە هاتە دەرەوە، کیسە نایلۆنێکی ڕەشی هەڵئاوساوی توند گرێدراوی بەدەستەوە بوو.. بەرەو گەراج شۆڕبوونەوە. بەدەم ڕێوە، لەنێو جەنجاڵیی خەڵکدا، شانیان دەسوا و بەحاڵە حاڵ ڕێیان دەبڕی. منداڵەکەش هەیتا هەیتا دەیپرسی:

((بابە هەنارە؟))

((نەء!))

((ترێیە؟))

((نەء!))

((گۆشتە؟))

((نەء!))

((هەنجیرە؟))

((نەء!))

((هەرمێیە؟))

((نەء!))

((کێکە؟))

((نەء!))

لەنێو (پۆڵۆنی)یەکەشدا بەردەوام چاوی بڕیبووە کیسەکە و دەیپرسی و..

((بابە بەشم؟))

((پەلەت نەبێ با بگەینە ماڵەوە!))

لەپڕ منداڵی تاین پەلاماری کیسە نایلۆنەکەی داو بەدەستییەوە هەڵتلیشا.. قەراغە کولێرە بەنێو پاسە پۆڵۆنییەکەدا بڵاوبۆوە. هەندێکیش ڕژانە سەر کۆشی ژنان و پیاوانی گەڕەک.. سەرنشینەکان، هەریەکەو لەئاستی خۆیەوە دەستی بە کۆکردنەوەی قەراغە کولێر کرد. مامۆستا سوور هەڵگەڕا. ئارەقە بەلاجانگ و چەناگەیدا ڕێچکەی بەست. وەک لەسەر ژیلەمۆ دانیشتبێ، هێشتا دوو کۆڵانی مابوو بگاتە ئاستی ماڵی خۆیان، بەر لەوەی تەواوی قەراغە کولێرەکانی بۆ کۆبکەنەوە، بەقوڕگی نووساوەوە بەشۆفێری وت:

((دابەزین هەیە!))

سلێمانی September 12, 1995